

# کۆمونیتای کورد لە ئیتالیا

**کۆمونیتای کورد لە ئیتاڵیا بە ناوی هەموو کوردێکی دانیشتووی ئیتاڵیا پڕ بەدڵ پیرۆزبایی لە بەڕێز مام جەلال دەکا بە بۆنەی هەڵبژاردنی وەکو سەرۆك کۆماری عێراق، ئەمڕۆژگارە لە مێژووی کورد بریتیە لە ئەستێرەیەکی گەش، ڕۆژێك کە لە سایەی خەبات و ڕەنجی پێشمەرگەکانمان و خوێنی شەهیدان و ڕۆحی وونی ئەنفال و شاری پەپوولە ئاسای هەڵەبجە و خۆڕاگری نەتەوەکەمان و تێکۆشانی هەموو کوردێکی دڵسۆز هاتۆتەدی و دان بەخۆداگرتنی کوردانی شاری کەرکوك و ئاوارە مەزنەکانیەتی، لە سایەی ئەو کوردانەی هێڵیان لە ژێر لیستی هاوپەیمانی کوردستان داو ئەمەش بوونی کوردی سەلماند و بۆ هەموو جیهانی نیشاندە توانا و یەکگرتووی کورد تا لوتکەی سەرکەوتنەکان ناوەستێ، ئومێدەوارین ئەم سەرکەوتنەمان زیاتر ببێتە تەبایی و برایی و یەك ڕیزی نێوان پارتەکانی کوردستان و بەهانەوە چوونی خوشك و براکانمان لە پارچەکانی تری کوردستان و هاوکاری کردنیان بە هەموو شێواز و جۆرێ، ئەمە یەکەم سەرکردەی کورد بۆ عێراق و یەکەم سەرۆکی هەڵبژێردراو لە لایەن هاووڵاتیانەوە ئەمەش هێنانی دیموکراسیەت و ئاشتی و تەبایی و دادگاییە بۆ سەرجەم گەلانی ناوچەکە.**

**کۆمونیتای کورد لە ئیتالیا**

2005\04\07

**ئیتالیا**